# دۆزەخ و حەوا

مەهاباد قەرەداغی



لە لێواری چاڵەبەفرەکانی زەمهەریردا. . دەهاتووم و دەچووم
دێر بە دێر مێژووە ئاگرییەکانی سەرکەشییم
وەک ئەنجامی لێکدانی سفر جار سفر
مەرگ کەڕەت مەرگ
توانەوە بە توانی هەزار
ڕەگی ملیۆنجای نەزانی لەبەر دەکرد
چ ئەنجامێکی پووچ بوو. . هەزارەها هیچ!
چ ترسناک بوو. . مەرگ کەڕەت مەرگ
توانەوە بە توانی هەزار!
چ ئەنجامێکی بەد بوو. . ڕەگی ملیۆنجای نەزانیی!
. . .
ئەی عەقڵی سووڕاوە بە مەداری بازنەی بەتاڵ
کەی لە ئەنجامی (هیچ) دەگەی؟
ئەی چاوە ڕاماوەکان لە بێڕەنگی ئاو،
کەی لە ڕەنگاوڕەنگی دەنگدا نەمریی و ئەبەدەیەت دەناسن؟
گوێیە ڕاهاتووەکان بە بێسرتەیی
دەشێ لە نهێنی دەنگدا
ژێکانی خەون بدۆزنەوە!
دەشێ لە میلۆدی توانەوەدا. . تاڵە پەرپووتەکانی نائاگایی ون کەن. . دەشێ!
. . .
وا ئەم ڕووبارە تاڵانەشتان تێکەڵاوی شیرینایی ڕۆح کرد!
وا ئەم پۆدرە ژەنگانەشتان لە دەموچاوی ماندووی سبەینێ سوویی!
خواوەندە نەزۆکەکان!
لێم گەڕێن با لەناو ئەم دۆزەخە جوانەدا
لە دەڤەری ئاگرینی یاخیبوونێکی مەزندا داگیرسێم
بهێڵن. . ببم بە حەوزی ڕووناکی!
خواوەندە سووکەکان!
لەناو ئەم قۆاخە لینجانەی شەهوەتدا لە چی دەگەڕێی؟ لە چی؟
هەموو بەردە بەنرخەکانی ئارەزوو
شەپۆلە سەرسامەکانی بێهۆشی ڕایان ماڵی.
هەموو جێپێ لاسارەکانی دوێنێ. . بەفر داپۆشین!

کێ بوو دەریاکانی پێچایە دڵۆپێکی شینەوە؟
ئەی کێ بوو شینایییەکانی تاری دەڤەری گریان کرد؟
ئاە. .
بانگەوازی تراویلکەییتان چ باوێشکێکی بێهودەی تەزبیحە جوانەکانتان بوو!
پەیڤینی خەواڵووتان ڕێگاکانی لێ شاش دەکردم،
لەم خەوستانە بێ سەحەرەدا. .
لە چ تیشکێکی سەرابی دەگەڕێن؟
لەم عەشقستانە بێ یارەدا،
شێتانە،
بەرامبەر بە ئاوێنەکانی دەریا دانیشتووم و. . شەپۆل دەژمێرم!
. . .





من ژنێکی سەرکەشی کەنار دۆزەخم. .
ئایەتە دۆزەخییەکانم وەک سترانە ڕووتەکانی ئەڤین لەبەرە!
سوورەتە ئاڵتوونیەکانی ئاگرم. .
جوان جوان لە باخچەیەکی پڕ لە حەوادا شاردۆتەوە
ئەو حەوایەی. .
دۆزەخی کردە شەنگترین تاراوگەی ڕۆح و. .
بەهەشتی لەبەرچاو خستین!
ئەو حەوایەی. .
فێری ئەزموونی مەرگی کردین
هەستەکانی وروژاندین،
ئەو نەبوایە نە هەستی چێژ وا خۆش دەبوو
نە بۆنی سێو هێندە مەستی دەکردین!
ئەو نەبووایە. .
کەسمان نەماندەزانی دۆزەخ یەقینێکی ئەوەندە شەنگە و. .
بەهەشتیش ئەفسانەیەکی ئەوەندە تاریک!
حەوا. .
سوپاس بۆ تۆ. کە فێری خوایەتیت کردین!
کە ئادەمت فێری ئەزموونی چێژ و بۆن و بینینی جوانی کرد
کە هەستەکانیت لە خەو ڕاپەڕاند،
کە لەو کاوسە سامناکەت خەبەرکردەوە!
سوپاس بۆ تۆ حەوا. .
کە ڕۆحی یاخی و بەئەزموونی خۆت لە کلێشەی مندا دانا!
چەند شادمانم. . لەم دۆنە سامناکادا،
ڕۆحی حەوا لە جەستەی ئاگرینمدایە!

که دەبمە دایکێکی دۆزەخی و. . !
ئەزموونە ئاگرینەکانی خۆم دەنووسمەوە
تۆش. .
هاوەڵە دێرینەکەم. . مەریەم!
ئافەرین. . کە غروری خوات شکاند و. .
داتبەزاندە نێو نوێنەکەت
کردت بە بەشداری ئەو تاوانە نایابە!
کە مەزنترین زۆڵی پێ خستیت!
ئەو خوایەی کە کچێتیتی دا لە خاچ و،
پاکیزەیی پڕ لە داوێنت کرد
ئافەرین. . کە توانیت خوا بێنیتە ناو ئەم دۆزەخە!
. . .
دۆزەخ. . ئەی گرنگترین ئەستێرەی گەردوون!
ئەی ڕووناکترین جێی حەسانەوە!
ئەی لابووری ئەزموونی پڕ لە گەرداو
دۆزەخ. .
ئەی لانەی ئاستەنگی و خەون و داچڵەکین،
ئەی شوێنی بێ کات. . نەخشەی بێ جوگرافیا. . ئەی نیشتیمانی غەیبی!
دۆزەخ!
ئەی فراوانترین. . خۆشترین زیندان!
. . .
ئۆکتۆبەری 1995
فالْشۆپینگ